# خوێندنەوەی قورئان بە قورئان

**دکتۆر کەمال میراودەلی**

بەشی هەشتەم

## دووەم : قورئان و ئایاتەکانی تێگەیشتن

لە بەشی پێشوودا هەموو ئەو ئایەتانەم هێنانەوە کە جەخت لە سەر ئەوە دەکەن کە قورئان بۆ لێخوردبوونەوەیەو ئایاتی قورئان بۆ بیرکردنەوەو تێفکرینن لە گەردوون و ژیان و نهێنییەکانی خەلق .
لەم بەشەدا ئەو ئایەتانە دەخەمە ڕوو کە ئەوە ڕوون دەکاتەوە ئایاتی قورئان بۆ ئەوەن کە مرۆڤ لە ڕێگای عەقڵ و وردبینییەوە لە خوداوەندو گەردوون ژیان و خۆی تێ بگات و ڕەوش و هۆکار و چۆنێتیی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن ڕوون دەکەنەوە.
ئەو ئایەتانەی کە وشەی يَفْقَهُونَ – یان تێدایە ، ١٩ ئایەتن لە خوارەوە دەیاننوسین و ماناکەیان ڕوون دەکەینەوە.

١ . مانای ( فقه )

١ .و " الفقه " هو أن تفهم ، أي أن يكون عندك ملكة فهم تفهم بها ما يقال لك علْماً، فالفهم أول مرحلة والعلم مرحلة تالية
http://www.alro7.net/ayaq.php?sourid=6&aya=98.
الفقه ئەوەیە کە تێبگەی ، یانی بەهرەی تیگەیشتنت هەبێت و ئەوەی پێت دەوترێ تێی بگەیی و وەک زانست بیزانی ، تێگەیشتن یەکەم قۆناغە و زانست قۆناغی دووەم
٢ . الفقه : هو التوصل إلى علم غائب بعلم شاهد ، فهو أخص من العلم
الفقه ئەوەیە بە زانینێکی بەرچاو بگەیتە زانینیکی نادیار. لە زانست تایبەتمەند تر.
فقِه الأمرَ : فهِمه بعد جهل وأدركه بعد تفكير ، أحسن إدراكه
فەقیە- کردنی شتێك: یانی تێگەیشتنی دوای نەزانیی و دەرکپێکردنی دوای بیرکردنەوە ، و باش ئاگاداربوون لێی .
) قال السرقسطي : فقهت عنك فقها: فهمت ، وفقه فقها: صار فقيها، وفقهت الرجل : غلبته في الفقه.
٣ . الفقه : لغة : االفهم أو العلم وغالبا ما يطلق على الفهم الدقيق ، ثم استعمل للدلالة على العلم المخصوص بالأحكام الشرعية .. وعند علماء أصول الفقه تستعمل كلمة: ( الفقة ) بمعنى: ‹ العلم بالأحكام الشرعية المستنبطة بطريق الاجتهاد.. او العلم بالأحكام الشرعية العملية المكتسبة من الأدلة التفصيلية.
http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A3%D8%B5%D9%88%D9%84_%D8%A7%D9%84%D9%81%D9%82%D9%87

الفقه : لە زماندا ، تێگەیشتن یان زانست و بەزۆری بە تێگەیشتنێکی ورد دەوترێ دوایی بۆ زانستێکی تایبەت بە ئەحکامی شەرعیی بەکارهاتووە ، لای زانایانی بنەماکانی فەقێیەتی : وشەی فەقێیەتی بە مانای زانینی ئەحکامی شەرعیی کە بە رێگەی ئیجتیهاد [ بەکارهێاننی عەقڵی تاک ] وەرگیرابن . یان زانینی ئەحکامی شەرعیی عەمەلیی کە لە بەڵگەی گشتیی زۆرەوە وەرگیرابن .

٤ . الفقه علم أصول الشريعة وفروعها ، وهو مجموعة الأحكام العملية المشروعة في الإسلام سواء كان مصدرها النص أو الاجتهاد

الفقه زانستی بنەماکانی شەریعەت و لکەکانی ، کۆمەلە ئەحکامێکی عەمەلیی دانراون لە ئیسلامدا جا جاوگەکەیان دەق بێت یان ئیجتیهاد .

٢ . مەبەست لە فقەو تفقه

راستیی فقه / فەقێیایەتی بە مانای بەهرە و توانای تێگەیشتن و بەکارهێاننی ئەو بەهرانە بۆ تێگەیشتن و بەدەستهێاننی زانین و زانستی قوول لە ڕێگای تێگەیشتنەوە دێت بەم پلەو ڕەوشانەی خوارەوە :

١. بوونی مەلەکە و بەهرەی هەستکردن و ئاگاداربوون کە هەستەکانن و مەلەکە یان بەهرەی تێگەیشتن و لێکدانەوە کە عەقڵە

٢ . بەکارهێنانی ئەو بەهرەیە بۆ بیرکردنەوە

٣ . بوون لە پلەیەکی سەرەتایی نێوان تێنەگەیشتن وتێگەیشتن ( غەریزەو عەقڵ ) دا .

٤ . تێگەیشتنیکی سادە یان کەم

٥ . قوولبوونەوە لە تێگەیشتندا

٦ . خواستی تاکەکەس خۆی یان گرۆیەک کە بیەوێت لە پرسێک تێبگات یان تێنەگات .

٧. ( فقه) دوای بیرکردنەوەو پێش زانست دێت ، فقه زانین نییە بەلکو زانینی ئەوەیە چۆن بزانیت واتە جۆرە مەنهەج و بۆچوونێکی زانسیت هەبێت کە زانینەکەت بداتێ

٨. بەم جۆرە لە دواییدا دەبێتە قوول بوونەوە لە زانین و پسپۆڕیی لەو بابەتانەدا کە زانینخواز دەیەوێت تێیاندا ببێتە فقیە .

٩ . کاتێ ئەم پێناسەیە تەنیا بۆ دینی ئیسلام بەکاردێت دیارە مەبەست زانایەکە شارەزایی تەواوی لە بابەتی دیندا چ قورئان چ حەدیس چ شەرع هەبێت .

١٠ . فەقیە بوون لە بابەتێکدا مانای راستیی ودرووستی تێگەیشتنەکە نییە ، تەنیا زانست بە بەڵگە دەتوانێ راستیی و دروستیی بێ گومانی هەر زانین و تێگەیشتنێک بکاتە یاساو ستانداری گومان لێنەکراو .

هەوڵ دەدەم بەپێی ریزی ئەم مانایانە بەڵگەی ئایەتەکان ڕێک بخەم :

لە بەشی پێشوودا ئەوەم ڕوون کردەوە کە ئایاتی خودا وەک نیشانەو دیاردەکانی خەلق و بوون و گەردوون و وەک ئایاتی قورئانیی کە ئامازە بۆ ئەوانە دەکات ، بابەتێکن بۆ ئەوەی مرۆڤ بیریان لێ بکاتەوە و قورئان هانی مرۆڤ دەدات بیریان لێ بکاتەوە . تێگەیشتن دوای بیرکردنەوە دێت .

لە بەشی پێشوودا ئایەتەکانی بیرکردنەوەمان لێکدانەوە، ئێستا ئایەتەکانی تێگەیشتن لێک دەدەینەوە .

٣ . ئەو ئایەتانەی وشەی فقه – یان تێدایەو داوای تیگەیشتن دەکەن:

١٧٩ [الأعراف ١.لَهُمْ قُلُوبٌ لَا يَفْقَهُونَ بِهَا ]

دڵانێکیان ( عەقڵیان ) هەیە کە هیچی پێ لێ تێناگەن.

٢. فَمَالِ هَـٰؤُلَاءِ الْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا

چییانە ئەو قەومە دەڵێی لە هیچ قسەیەک حاڵی نابن؟

٣ . يَفْقَهُوا قَوْلِي ﴿ ٢٨ طه)

تا وتەکانم تێبگەن .

الكهف ٤. وَجَدَ مِنْ دُونِهِمَا قَوْمًا لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلًا ﴿٩٣ )

تفسير الميسر:

حتى إذا وصل إلى ما بين الجبلين الحاجزين لما وراءهما ، وجد من دونهما قوما، لا يكادون يعرفون كلام غيرهم

کاتێ زولقەرنەین گەیشتە نێوانی چیاکان [ لە ولاتی تورک ] قەومێکی بینی وادیار بوو زمانی غەیرە تێنەدەگەیشتن

الفتح) ٥. فَسَيَقُولُونَ بَلْ تَحْسُدُونَنَا بَلْ كَانُوا لَا يَفْقَهُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٥﴾

دەڵێن ئێوە حەسوودی بە ئێمە دەبەن بەڵام ئەوان کەمۆکەیەک نەبێ تێگەیشتنیان نەبوو.

٦ .انْظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ ﴿٦٥ لأنعام ﴾

بزانە چۆن ئایات دێنینەوە بەشکم تێبگەن؟

( ٧٨ النساء﴾ ٧. لَقَدْ فَصَّلْنَا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ

ئەو ئایاتانەمان دربڕژەپێداون بۆ قەومێک تێبگەن .

٨ . وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَنْ يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا ﴿٢٥ لأنفال﴾

دلی ( میشکی/ عەقلی ) ئەوانمان داپۆشیوەو گوێی ئەوانمان گران کردووە تا نەتوانن تێی بگەن.

الانفال ٩. بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَفْقَهُونَ ﴿٦٥)

ئەوانە قەومێکن تێناگەن .

التوبة قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا لَوْ كَانُوا يَفْقَهُونَ ﴿٨١ ١٠ ﴾

پێیان بڵێ: ئاگری جەهەندەم گەرمترە، گەر تێبگەن.

التوبة ١١. وَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ ﴿٨٧ ﴾

خودا لە سەر دڵی ئەوانی چاپ کرد کە ئەوانە تێناگەن .

التوبة ١٢. صَرَفَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَفْقَهُونَ ﴿١٢٧﴾

خودا دڵی وەرگێڕاون کە ئەمان قەومێکن تێناگەن .

هود ١٣. قَالُوا يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيرًا مِمَّا تَقُولُ ﴿٩١﴾

وتیان ئەی شوعەیب زۆر لەو شتانەی تۆ دەیڵێی ئێمە تێیناگەین .

الإسراء ١٤. وَلَٰكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ ﴿ ٤٤ ﴾

بەڵام لە ستایشخوانی ئەوان تێناگەن .

الإسراء ١٥. عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَنْ يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا ﴿ ٤٦ ﴾
لەسەر دڵیان پەردەی داناو لە گوێیاندا گرانیی، تا تێنەگەن .
الكهف ١٦. إِنَّا جَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَنْ يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا ﴿٥٧﴾
وامان لێکردن پەردە لەسەر دڵیان بێت و گوێیان گران بێت تا تێنەگەن .
الحشر ١٧. ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَفْقَهُونَ ﴿١٣﴾
بەوەی ئەمانە قەومێکن تێناگەن.
المنافقون ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ ﴿٣ ١٨)
بەوەی ئەوانە ئیمانیان هێنا و ئەوسا کوفریان کرد ، لەسەر دڵیان چاپ کرا ئەوانە تێناگەن .
المنافقون ١٩. وَلَٰكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ ﴿٧﴾
بەڵام موناقیقەکان تێناگەن.

٣ . لێکدانەوەی هەندێ لە ئایەتەکان
دیارە کاتێکی زۆری دەوێ دەقی تەواوی هەموو ئایەتەکان بخەینە روو- و لێکیان بدەینەوە. بۆیە هەندێکیان هەلدەبژێرین کە زیاتر ماناو مەبەستی تێگەیشتن ڕوون دەکەنەوە .
١ . پێویستیی جەوهەریی بەکارهێنانی بەهرەو تواناکانی تێگەیشتن :
١ . لقد ذرأنا لجهنم كثيرا من الجن والإنس لهم قلوب لا يفقهون بها ولهم أعين لا يبصرون بها ولهم آذان لا يسمعون بها أولئك كالأنعام بل هم أضل أولئك هم الغافلون ( الاعراف ١٧٩)
من لێکدانەوەی وشەیی دەکەم بێ ئەوەی هیچی لە خۆمەوە بۆ زیاد کەم وەک موفەسسیرانی عەرەب و ناعەرەب بە ئارەزووی خۆیان لێکدانەوەو حیکایەت بۆ ئایاتەکان زیاد دەکەن . گەر بۆ ڕوونکردنەوە شتێ زیاد بکەم ، بۆ ئەوەی ڕوون بێت بەشێک نییە لە دەقەکە دەیخەمە ناو کەوانەوە .
ماناکەی:
{{ ئێمە زۆر ئینسان و جن (جندۆکە) مان بۆ جەهەندەم دروست کردووە ، دڵێکیان ( عەقلێکیان) هەیە بەکاری نایەنن بۆ تێگەیشتنی [ ئایاتی خوداو نهێنییەکانی گەردوون [ ، چاوێکیان هەیە پێی نابینن ، گوێیان هەیە پێی نابیسن و ئەوانە وەک ئاژەڵ وان بەڵکو ] لە ئاژەڵ ] گومڕاترن ، [ نەزان و ] خەڵەفاون }} .
موفەسسیرانی عەرەب هەمیشە هەوڵی ئەوەیانە هەموو ئایاتەکان بەرنەوە سەرپرسی تێگەیشتنی زمانی عەرەبی قورئان خۆی و ترسان لە خوداو عیبادەت بەرنەوەو لە مانای هاندانی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە خۆی و لە جیهان و گەردوون دای ببڕن و بیانکەنە پرسێکی ڕووتی عیبادەت . ئەم ئایەتە زۆر زیاتر لەم

لێکدانەوەیە هەڵدەگرێت .. ئەم ئایەتە نالێ مرۆڤ و جندۆکەکان بۆ جەهەندەم دروست کراون چونکە خودا ناپەرستن ، بەلکو دەلێ چونکە ئەو عەقڵ و هەستانە کە خودا بۆ فێربوون و تێگەیشتن داونێ بەکاری ناهێنن.
وەک لە سەرەوە وتم مانای یەکەمی سەرەتایی ( یفقهون) ئەوەیە مرۆڤ مەلەکەو بەهرەو توانستی غەریزەیی بۆ بیرکردنەوە تێگەیشتن و فێربوون هەیە. ئەو بەهرانەش وەک لەم ئایەتەدا رووونکراونەوە ئەمانەن:
عەقڵێک بتوانێ بۆ تێگەیشتن [ هەر تێگەیشتنیك ] بەکاری بێنێت
هەستەکان :
چاوێک پێی ببینێت و شتەکانی پێ جیابکاتەوەو تایبەتمەندییەکانیان بزانێت.
گوێ بۆ بیستن و وەرگرتنی زانیاری
لای مرۆڤ هەستەکان و عەقڵ پەنجەرەو دەرگان بۆ چوونە ناو جیهانی تێگەیشتن و زانستەوە .
بۆیە قورئان لە هەندێ شوێندا ئەوانەی عەقڵ بەکارناهێنن بەو کەسانە وەسف دەکا کە عەقڵیان قوفڵ داوە یان قوفڵیان لە عەقڵیان داوە.
عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا ﴿ ٢٤محمد )
عەقڵیان قفڵ دراوە .
لێرەشدا دەیان چوێنێ بە ئاژەڵ .
بەپێی ماناکانی سایتی المعانی [ کە بە رای من باشترین و ڕێکخراوترین و ئاسانترین سەرچاوەیە بۆ زمانی عەرەبیی و قورئان) ( انعام ) ن زۆر مانای هەیە کە لێرە تەنیا ئەوەی پێوەندی بەم ئایەتەوە هەیە باس دەکەم . بەپێی ئەو سایتە انعام زۆربەی کات بە مانای حوشتر بەکار دێت ( ابل ) بەڵام لێرەدا مەبەست ئاژەڵە :
{والنعم مختص بالإبل } ، وجمعه : أنعام ، [ وتسمية بذلك لكون الإبل عندهم أعظم نعمة ، لكن الأنعام تقال للإبل والبقر والغنم ،
نەعم ( نیعمەت) تایبەتە بە حوشتر و کۆیەکەی ئەنعامە و بەمە ناونراوە چونکە لای عەرەب مەزنترین نیعمەتە، بەڵام الأنعام بە حوشترو مانگاو مەڕ دەوترێت .
http://www.almaany.com/quran/7/179/%D9%83%D9%8E%D8%A7%D9%84%D9%92%D8%A3%D9%8E%D9%86%D9%92%D8%B9%D9%8E%D8%A7%D9%85%D9%90/#.VS1XqfnF89M

جیاکردنەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ
من تەنیا دەمەوێت لە ڕوانگەی دەوری بیرکردنەوەی تێگەیشتن و عەقڵ لە قورئاندا باسی ئایەتەکان بکەم بێ ئەوەی لە سنووری ماناکان دەربچم .

ئەم ئایەتە دیسان مرۆڤ بەوە لە ئاژەل جیا دەکاتەوە کە هەستەکانی ئەو : چاوو گوێ و عەقڵی ئەو بۆ ئەوەن کە ئاژەڵ نەبێت ئاژەڵ بە بەهرەی غەریزەیی خودایی کاروباری خۆی دەڕوێنت بەلام ئاژەل پەیمانی لەگەڵ خودا نەبەستووەو لە سەری فەرز نەکراوە چاوو گوێ بۆ بەدەستهێنانی زانینی زیاتر وردترو قوولتر لە گەردوون و سروشت و ژیان بەدست بێنێت و عەقڵی نەدراوەتێ : پێی تێ بگات .
کاتێ مرۆڤیش هەستەکانی بۆ زانست بەکار ناهێنێت و عەقڵی بۆ تێگەیشتن بەکار ناهێنێت ئەوە دەبیتە ئاژەڵ . واتە وازلە بەهرە ئینسانییەکان دێنێت و بە ژیانی ئاژەڵی رازی دەبێت ، بەلام ناتوانی بگاتە ئاستی ئاژەڵ چونکە ئەو بەهرە غەریزەییانەی خودا بە تایبەتی بە ئاژەڵی دوان و ئێمە نازانین چین، لای مرۆڤ نین کەواتە :
١ . ئەو بە فراموشکردنی عەقل و زانین خۆی کرد بە ئاژەل
٢ . بە نەبوونی غەریزەو زیرەکیی تایبەت بە حەیوان بوو بە کەمترو گومراتر لە ئاژەل.
بۆیە قورئان زۆر بە قورسی جەخت دەکات : ئەوانە لە ئاژەڵ گومراترن :
بل هم أضل أولئك هم الغافلون
وشەیەکی تر کە قورئان بەکاری دێنێت غافڵیی یە بە مانای خەڵەفاویی . کەسی خەڵەفاو ئەوەیە کە خۆی شتێ بە راست دەزانی بە بێ ئەوەی بە تەواوی بە بیرکردنەوەیەکی عەقلانی بیری لێکردبێتەوەو تێی گەیشتبێت .
ئاژەڵبوونی مرۆڤ یانی بوون یبە ئاژەلێکی دەبەنگ و نازیرەک: ئاژەڵێک بە خواردن و خەوتن رابێت و هەموو کارە دنیایی و دینییەکانیشی ببێتە سیفەتی هەرە گەورەی ئاژەڵ: لەگەل رەوە یان مێگەل کەوتن .
ئەنجامی بە ئاژەلبوونی مرۆڤەکان بە مێگەڵ بوونیانە .
لە کوردییدا بە کۆبوونەوەی مەڕو مااڵت، مانگاو بزن: دەڵێین مەڕگەل، {گەلی مەڕ) بزنەگەل ( گەلی بزن ) ،
و گاڕان ( کۆمەلی گاو مانگا)
هەروەها بۆ ئەوەی مانای ئەنعام تەواو بکەین دەتوانین بشڵێین : حوشترگەل.
سیفەتی ئاژەڵ- گەل ئەوەیە بیر ناکاتەوە ، عەقڵ بەکار ناهێنێت ، وەک ڕەوە ، وەک کۆ ، وەک مێگەل بە دوای شوانێک یان رێبەرێک یان سەرگەڵێک یان فشە ئیمامێک دەکەوێت .
تەنانەت کۆبوونەوەی مزگەوت و خوتبەی جومعەش لەم مانای مێگەلییە بە دوور نییە گەر هەر یەکێک لەوانەی بەشدار دەبن بە تووندیی و بە ئاگادارییەکی زۆرەوە عەقل و هۆشمەندیی و هۆشیاریی هەستەکانیان لە لەگەڵ - ڕەوە - کەوتن و بە مێگەلبوون نەپارێزن و ئاگاداری ئەوە نەبن مونافیقان و پیاوانی دەسەاڵت بە وتاری نیفاقی عاتیفی و خەرافاتی عەقلی گومڕایان بکات ..

ئەوە ئەرکی تاکە کە نەبێتە بەشێکی بێ دەموچاوو ، گوێ و عەقڵی ناو مێشکەڵ .
گا دەبۆڕێنێ .. مەر دەباعێنێ. ڕەنگە ، وەک لە لێکدانەوەی ئایەتێکی تردا ڕوونی دەکەینەوە ، ئەوە بۆ ئەوان جۆرێک بێت لە ناسین- و ستایشی خودا.
بەلام شێرەو نەڕەو گارەی مێگەلیی مرۆڤ دووڕە لە ئەرکی قورس و قوونڵی زانستخوازیی عەقل و جوانییخوازیی هەست .
کەواتە مانای یفقهون لێرەدا هەنگاوی سەرەتایی بەکارهێنانی مەلەکەی عەقڵە بۆ بیرکردنەوەو تێگەیشتن کە مرۆڤە ئازەڵەکان ئەو هەنگاوە سەرەتاییەش هەڵناگرن و هەر بە مێگەلیی دەژین .
خودا بەشێکی باشی لە جەهەندەم بۆ ئەو ئازەلانە ئامادەکردووە کە بە نەخافلی و ئازەلیی خۆیان خۆشیان بە ئیماندار دەزانن لە کاتێکدا ئیمانداریی بە بێ عەقل و زانست بەدی نایەت وەک لە بەشی زانست دا بە درێژیی لە ڕوانگەی قورئانەوە ڕوونی دەکەینەوە.
لە بەر گرنگی ئەم بابەتە لە زۆر شوینی تری قورئاندا جەختی لە سەرکراوە :
وجعلنا لهم سمعا وأبصارا وأفئدة فما أغنى عنهم سمعهم ولا أبصارهم ولا أفئدتهم من شيء (الاحقاف ٢٦)
گوێ و بینایی و دڵ ( عەقڵ ) مان پێدان ، بەڵام گوێ و چاوو عەقڵیان سوودێکیان پێ نەگەیاندن .
وَاللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّن بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لاَ تَعْلَمُونَ شَيْئاً وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَالأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ
( ٧٨ سورة النحل )
{ خوداوەند ئێوەی لە سکی دایکتان هێنایە دەر هێچتان نەدەزانی، گوێ و چاوو دڵی (عەقلی) دانێ بۆ ئەوەی سوپاسگوزار بن } .
{ بەوەی بەکاریانبێنن بۆ بینین و بیستن و بیرکردنەوە لە خەلق و بەدەسهێنانی زانست لە ڕێگەی عەقڵەوەو بەدەستهێنانی ئیمان لە ڕێگای زانستەوە }
٢ . تێگەیشتن و زمان
يَفْقَهُوا قَوْلِي ﴿٢٨ طه )
قالَ رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي ٢٥، وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي ٢٦، وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِي ٢٧، يَفْقَهُوا قَوْلِي ٢٨
پێغەمبەر موسا لە خودا دەپارێتەوە :.
خودایە سنگم فراوان بکە ، کارم ئاسان بکە ، گرێی زمانم بکەوە ، [ تا] لە قسەکانم تێ بگەن
لێرەدا يَفْقَهُوا بە مانای تێبگەن ، بەلام مەرجی تێگەیشتن تەنیا لە سەر گوێگر دانانێت .

لە بەر گرنگیی قسەو ئاخاوتن لە ناو مرۆڤدا بۆ گەیاندنی بیرو پەیامەکان ، موسا لە خودا دەپارێتەوە
کە سنگی فراوان بکات [ تا گرژ نەبیت و زوو قەلس نەبیت و بیرورای جیاواز وەر بگرێت و خۆراگر بێت ]
کاری ئاسان بکات [ چونکە تێگەیاندنی خەلک و قەناعەتپێکردنیان کارێکی قورسە] و گرێی زمانی بکاتەوەو بتوانی بە روونی و ئاسانی خۆی دەربڕێت و قسەکانی بگەیەنێت .
ئەوسا دوای ئەمانە ئەو مەرجانە دروست دەبێت کە خەڵکەکەی [ تێی بگەن ] .
ئەمە لایەنێکی تری تێگەیشتن دەرەدخا کە کارو پرۆسەیەکی دوو لایەنە ئەرک دەخاتە سەر هەر دوو لای ئاخاوتن گەر پێغەمبەریش بن . و زمانی سادەو ڕەوان و هێمنیی و دڵفراوانی و بەکارهێنانی زمانێکی روون و ڕەوان بە زمانی خەڵکەکە خۆیان ، مەرجی ئاخاوتنن.
٣ . تێگەیشتن و خواست
فَمَالِ هَـٰؤُلَاءِ الْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا ﴿ ٧٨ النساء ﴾
فما بالهم لا يقاربون فَهْمَ أيِّ حديث تحدثهم به تفسير الميسر :
ئەم قەومە چییانە هەر هیچ لە تێگەیشتنی [ حەدیسەکانت ] نزیک نابنەوە .
لێرەدا تێگەیشتن بە لاموبالاتییەوە بەستراوەتەوە، قەومی پێغەمبەر واتە عەرەبەکان گرنگی بە قسەکانی نادەن و بەهرەی عەقل بۆ تێگەیشتنیان بە جددی بەکارناهێنن و بەمە خۆیان لە تیگەیشتنی [ فقە] ی قسەکانی دوور دەخەنەوە.
تێگەیشتن دوور نییە لە ئیرادەی ئینسان : ئایا دەیەوێت تێ بگات یان نایەوێت تێ بگات ؟
٤ . یەکسانیی خەلقی مرۆڤ
وَهُوَ الَّذِي أَنْشَأَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ ۗ قَدْ فَصَّلْنَا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ
خوداوەند ئێوەی لە یەک نەفس [ ئادەم ] پەیدا کردووە ، ئەوسا [ لە ڕەحمی ژندا ] جیگیری کردوون و [ لە سەر زەمین / دنیادا ] بۆ ماوەیەک ژیانی داونێ ... ئەم ئایاتانەمان درێژەپێداون بۆ قەومێک تێ بگەن.
ئەم ئایەتە تەفسیری جۆراوجۆر هەیە ، رای خۆم ئەوەیە کە نووسیومە .
لێرەدا تێگەیشتن بۆ ئەو ڕەوشە وجودییە کە ئایەتەکە ئاماژەی پێدەکات :
١. هەموو مرۆڤ وەکویەکن و ئەسڵیان یەکە لە یەک نەفس یان ئادەمەوە هاتوون.
٢ . هەموو مرۆڤ وەکویەک لە ڕەحمی ژندا پەیدادەبن.
٣ . هەموو مرۆڤ وەک یەک ماوەیەک لە سەر زەمین ژیان بە سەر دەبەن و دەمرن.
٤ . ئەم سێ حەقیقەتە ئیلاهییەن کە شایانی بیرلێکردنەوەو تێگەیشتنن.
٥ . تێگەیشتنی زمانەکانی گەردوون

تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَوَاتُ السَّبْعُ وَالْأَرْضُ وَمَنْ فِيهِنَّ وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا الإسراء ٤٤

ئەمە ئایەتیکە لە ئایەتە بنەماییەکانی قورئان و مانایەکی زۆر قووڵ و فراوانی هەیەو تەفسیری جۆراو جۆری بۆ کراوە زۆریان تەفسیری خەرافیی گێرانەوەو بوختانن ، لە کاتێکدا دەکراو دەکرێ جیهانیکی زانستی فراوانی لە سەر بنەما بکرێت بەتایبەتی دەربارەی ماهییەت و چییەتی بوون و زمان و هەڵوێدستی مرۆڤ بەرامبەر زمانی خۆی و زمانی گەردوون:

مانای وشەیی ئایەتەکە :

حەوت ئاسمانەکان و زەمین و هەرشتێ تێیاندا هەیە ستایشخوانی خوداوەند دەکەن و هیچ شتێک نییە هەبێت و ئیللا ستایشخوانی چاکەی ئەو نەبێت بەڵام ئێوە لە [ زمانی ] ستایشخوانیی ئەوان تێناگەن . خودا حەلیم و غەفورە.

تەفسیری ئایەتەکە :

لە ناو تەفسیرەکاندا ئەم تەفسیرەی شەعراوی نزیکە لە مانای راستەقینەو رۆحی ئایەتەکە: وجاء في تفسير الشعراوي( رحمه الله) ما نصه: وقوله تعالي: وإن من شيء ، كل ما يقال له شئ ، اى ما من شيء ، والشيء هو جنس الأجناس

فالمعني أن كل ما في الوجود يسبح بحمده تعالي ، وقد وقف العلماء أمام هذه الآية وقالوا: أي تسبيح دلالة علي عظمة التكوين , وهندسة البناء, وحكمة الخلق، وهذا يلفتنا إلي أن الله تعالي منزه ومتعال وقادر , ولكنهم فهموا التسبيح علي أنه تسبيح دلالة فقط لأنهم لم يسمعوا هذا التسبيح ولم يفهموه ، وقد أخرجنا الحق سبحانه وتعالي من هذه المسألة بقوله ( ولكن لا تفقهون تسبيحهم ) : إذن: يوجد تسبيح دلالة فعلا , لكن ليس هو المقصود , فالمقصود هنا هو التسبيح الحقيقي كل بلغته فقوله تعالي ،

( ولكن لا تفقهون تسبيحهم ) يدل علي أنه تسبيح فوق تسبيح الدلالة الذي آمن بمقتضاه المؤمنون , إنه تسبيح حقيقي ذاتي ينشأ بلغة كل جنس من الأجناس وإذا كنا لا نفقه هذا التسبيح .. فقد قال تعالى : ( كل قد علم صلاته وتسبيحه) النور:41

لێدوان و ڕای سایتەکە :

وفي القرآن آيات تدل بمقالها ورمزيتها علي أن كل عالم في الوجود له لغة يتفاهم بها في ذاته : إذن كل شئ في الوجود علم كيف يصلي لله , وكيف يسبح لله وقد يتسامي الجنس الأعلي ليفهم عن الجنس الأدني لغته, فكيف نستبعد وجود هذه اللغة لمجرد أننا لا تفهمها ؟

وهو تسبيح حقيقي ذاتي ينشأ بلغة كل مخلوق من الأحياء والجمادات ومن مختلف صور المادة والطاقة والظواهر المصاحبة لوجودها.

تەفسیری شەعراوی خوا لێی خۆش بێت ؛ دەڵێت : قسەی خوداوەند : ( وإن من شيء ) مانای هەرشتێ کە پێی بوترێ شت ، و شتیش توخمی توخمەکانە ، ماناکەی ئەوەیە کە هەر شتێ لە بوونداا هەیە ستایشخوانی حەمدی خوداوەندە .

زاناکان بەرامبەر ئەم ئایەتە وەستاون و وتوویانە : ستایشخوانیی ( تسبیح) دەلالەتە لە مەزنیی بوون و ئەندازیاری دامەزراندن و حیکمەتی خەلق ، ئەمەش سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە خوداوەند پاک و بەرزو بەتوانایە ، بەلام ئەوان مانای ستایشخوانیی یە تەنیا وەک ستایشخوانیی دەلالەت [ مانای لێوەرگیراو ] تێگەیشتن ، چونکە ئەم ستایشخوانییەیان گوێ لێ نەبووەو تێینەگەیشتوون ، خوداوەندی هەق چارەی بۆ ئەم مەسەلەیە داوینێ بەوەی کە فەرموویەتی: ( ولكن لا تفقهون تسبيحهم ): واتە ستایشخوانیی دەلالەت بەڕاستیی هەیە ، بەڵام ئەمە مەبەست نییە ، مەبەست لێرەدا ستایشخوێندنی ڕاستەقینەیە :

واتە هی هەر [ بوونەوەرێک ، شتێک ] بە زمانی خۆی ، بەپێی قەولی خودا: ( ولكن لا تفقهون تسبيحهم ): ئەوە دەگەیەنێت ستایشخوانیی/ تەسبیحێکە لە سەرووی تەسبیحی دەلالەت کە ئیمانداران بە پێی ئەو ئیمان دێنن ، ئەوە ستایش- وتنێکی ڕاستەقینەی خۆیی هەیە بە زمانی هەر توخمێك لە توخمەکان پێکدێت، گەرچی ئێمە لەم ستایشخوانییە تێناگەین .

خودا فەرموویەتی : ( كل قد علم صلاته وتسبيحه )

هەر یەکە فێری نوێژو ستایشخوانیی خۆی بووە . [ النور ٤١ ]

لە قورئاندا ئایات هەیە کە بە وتارو ڕەمزییەتەکەی ئەوە دەگەیەنێ کە هەر هەبوویەک لە بوونداا زمانی خۆی هەیە ، کەوایە هەرشتێ لە بوونداا فێربووە چۆن نوێژ بۆ خودا بکات ، و چۆن ستایشخوان بێت .. خۆی لە خۆیدا تێگەیشتن لەگەڵ خودادا دروست دەکات . بەلام وا روودەدات کە توخمی بەرزتر [ بەدەسەلات تر ] خۆی بە بەرزتر دەزانێت لە توخمی نزمتر و نایەوێت زمانی توخمی نزمتر تێ بگات ، بەڵام چۆن ئێمە دەشێ بوونی ئەو زمانە بە دوور بزانین تەنیا لە بەر ئەوەی بۆ خۆمان تێناگەین ؟

ئەو ستایشەی خوداوەند ستایشخوانێکی ڕاستەقینەیە کە بە زمانی هەموو مەخلوقاتەکان لە گیاندارو بێ گیان پەیدا دەبێت ، لە زۆر شێوەی جیاوازیی ماددەو وزەو ئەو دیاردانەی لەگەلیان دێن، پەیدا دەبن .

وەک وتم لێکدانەوەی ئەم ئایەتە زۆر تەفسیری لۆجیکی و خەرافیی بۆ کراوە بەلام کرۆکی ئایەتەکە ئەوەیە :

١. هەر شتێ لە بوون و گەردووندا هەیە ستایشخوانیی خوداوەند دەکات

٢ . ئێوەی مرۆڤ ئەوە نازانن چونکە تێیان ناگەن .

٣ . واتە تێنەگەیشتنەکە لە تەسبیح یان ستایش خوانییەکە یا وتنەکەیە .

٤ . هەموو خوێندن یان وتنێک بە زمان دەبێت وەک دەڵێین : کەو دەخوێنێ ، واتە قاسپەقاسپ زمانی کەوە کە پێی دەخوینێ یان قسە دەکات .. هەمان شت بۆ قووقەی کەڵەشێریش کە وەک زمانی بانگدانی بەیانیش ناسراوە.
کەواتە هەموو شتەکان لە کەوندا زمانیان هەیەو بەراستیی بە زمانی خۆیان ستایش دەڵێنەوەو ئێمە تێیان ناگەین .

http://forums.ozkorallah.com/f9/ozkorallah25050/

ئەمە ئایەتێکی تر‌ە کە گرنگیی وپیرۆزیی هەموو زمانەکان تەنانەت زمانی زیندەوەرو دارو بەردیش ، وەک ئایاتی خەلق دەناسێنێت .

٤. ئەنجام : ماناکانی تێگەیشتن [ فقە] لە قورئاندا :
لەم بەشەدا هەموو ئەو ئایەتانەمان هێنانەوە کە وشە یان کرداری تێگەیشتنیان تێدایە :
١ . بوونی خەلق [ دنیا ، گەردوون ، مرۆڤ ، شتەکان ] بۆ ئەوەیە مرۆڤ تێیان بگات .
٢ . خودا ڕاستەوخۆ کەس تێناگەیەنێت و تەنانەت زانستێکی زۆر کەمی بە پێغەمبەرەکانیش داوە . خواەوند هیچ زانستێکی بە مرۆڤ نەداوە نایداتێ لە جیاتی ئەمە ئەو بەهرەو توانست و کەرەسەو هۆکارانەی داونێ کە بتوانێ بە هۆیانەوە لە ژیان و گەردوون و خۆی و حیکمەتی خەلق تێ بگات
٤ . ئەو بەهرەو توانست و هۆکارانە بریتین : لە بەهرەی بینین و جیاکردنەوە بە بینایی ، بەهرەی بیستن و جیاکردنەوە تێگەیشتن بە بیستن و گوێگرتن ، بەهرەی هەستکردن و ناسینەوە جیاکردنەوە بە هەست و توانستی مەزن و بێ بنی بەکارهێنانی عەقل . ئەم بەهرانەی زانین و تێگەیشرتنن کە تێگەیشنبت هەستیی و عەقلیی مرۆڤ لە تیگەیذشتنی غەریزەیی و سەرەتایی و مێگەلیی ئاژەڵ جیادەکاتەوە . عەقلی تاک ئەرک و بەرپرسیاری تاک بە مرۆڤی تاک دەدات .
٤ . قورئان جەخت لە سەر ئەوە دەکات ئیمان بە خوداوەند دەبێت لە ئەنجامی ئەو پرۆسەی زانین و تێگەیشتنە بێت کە بە بیرکردنەوە دەست پێدەکات و بە زانست کۆتایی دێت . یەقین ، زانستی بێ گومان ، بەرزترین ئاستی زانستە . گەرچی پێغەمبەرەکان پەیامی خوداوەند دێنن دەربارەی بوونی خوداوەندی خالقی تاک ، قورئان ماف بە مرۆڤ دەدات گومان لە پەیامی پێغەمبەرەکان بکات کە ئینسانن وەک خۆیان ، بەلام بۆ گەیشتن بەبەلگەو دەلالاتی راستی پەیامەکانیان داوا دەکات ئەو پرۆسەی بەکارهێنانی توانستی بینایی و بیستن وبیرکردنەوە فێربوونە بەکاربێنن کە خودا پێیداون ، جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەل ئیمان و بێ ئیمانی

نییە چونکە بە پێی قورئان هەموو بوونەوەران ئیماندارن و تەسبیحی خوداوەند دەکەن ، جیاوازەکە لە نێوان ئیمانی غەریزەیی حەیوان و ئیمانی عەقلیی جەدەلیی مرۆڤ دایە ..

٥ . گەورەترین سزای دۆزەخ بۆ ئەو ئینسانانە دانراوە کە کەڵک لەو بەهرانەی بینین و بیستن وتێگەیشتن وەرناگرن .

٦ . وشەی فقە بە چەند مانای جۆراوجۆر بەکارهاتووە :

١، وەک مەلەکە ( بەهرەی ) تێگەیشتن لە رێگای هەستەکان و عەقڵەوە .

٢ . وەک خواستی تێگەیشتن یان تێنەگەیشتن : واتە ئیرادەی بەکارهێنانی توانستی بیین و گویگرتن و حاڵێبوون و بیرکردنەوە تێگەیشتن یان بەکارنەهێنانی : مونافیق و کافرو نەزانەکان کە نایانەوێ تێ بگەن ئەو بەهرانە بەکارناهێنن.

٣ . وەک رادەی تێگەیشتنەکەم یان زۆر

٤ . وەک تێگەیشتن لە زمان : کە ئەمە گرنگییەکی گەورەی لە قورئاندا دراوەتێ چونکە زمانی مرۆڤ بەوە لە هی بوونەوەرانی دی جیایە کە دەتوانن وەک وتن ( قول ) بە وشە لە رێگای زمانەوە بە یەکتری بڵێن و بۆ گەیاندنی بیرو هەست و هەڵوێشت و پەیامەکانیان بەکاری بێنن .

٥ . ئەم دەوری گەورەی زمانە ئەرک دەخاتە سەر هەر دوولای ئاخاوتن : قسەکەرو گوێگر . وەک چۆن گویگر لە سەرییەتی گوێبگرێ و تێبگات و فێربێت ، قسەخوانیش سەریەتی زمانیکی بێ گرێی رووبی ئەو کەسە بەکاربێنێت کە قسەی بۆ دەکات و سنگی فراوان بێت و بیرورای جیاواز قبوول بکات هەر وەک چۆن موسا داوا لە خوداوەند دەکات کە سنگی فراوان بکاو زمانی ڕەوان بکاو کاری ئاسان بکات تا بتوانێت قەومەکەی بە زمانی خۆیان تێبگەیەنێت .

٥ . سنووردارییی مرۆڤ و کۆسپی تێگەیشتن گرفتی تێگەیشتنە لە زمانی یەکتر وەک :

جیاوازی زمانی گەردوون : مرۆڤ ناتوانی زمانی بوونەوەرانی تری گەردوون تێ بگات ، میللەتانی جیاواز بە ئاسایی لە زمانی یەکتر تێناگەن : وەک زیلقەرنەین کە لە ولاتی تورک خەلک لە زمانەکەی نەدەگەیشتن لە بەرئەوەی زمانی جیاوازیان هەبوو .

جیاوازی ئاستی تێگەیشتن بە پێی گرنگیی و سەختی پەیامەکە : قەومی شوعەیب زۆر لە پەیامەکەی ناگەن نەک وەک قسە چونکە بە زمانی خۆیان بووە ، بەڵکو وەک ماناو مەبەست ، هەروەها موسا دەپارێتەوە لە خودا زمانیکی ڕەوانی بداتێ بتوانێ ماناو مەبەستەکانی بگەیەنێت .

خواستی گوینەگرتن و تینەگەیشتن:

بەڵام گەر مرۆڤ سەدی سەد لە زمانی یەکتریش بگات ، چونکە مەسەلەی زمان و تێگەیشتن مەسەلەیەکی عەقڵییە کەواتە ژێرفەرمانی عەقڵە ، عەقڵی مرۆڤیش

بەپێی گەشەکردنی ئیرادەی دەداتێ  کە کارێک بکات یان نەکات . لەبەر ئەوە گەرچی مرۆڤ توانای بیستنی هەیە ، وەک کورد دەڵێ : دەتوانێ خۆی لە شتێ نەیەوێت ( گوێیێ خۆی کەڕ بکات ) واتە کەڕ نییە بەڵام بە خواستی خۆی خۆی وەک کەڕ لێدەکات

٦ . لە بەر ئەوەی مرۆڤ و هیچ بوونەوەرێک لە گەردووندا ناتوانن لە دەرەوەی ئیرادەی پەروەردگاردا کار بکەن و ئیرادەی خۆیان بنوێنن ، لە قورئاندا کاتێ مرۆڤەکان هەستەکان و عەقل بۆ مەبەستی تێگەیشتن بەکارناهێنن و عینادی دەکەن لە دژایەتی عەقڵ  و خودادا ، عەرەبەکان و جوولەکەکان لەم گرۆیەن لە قورئاندا ، ئەوا خودا ئەو عینادیی و گومراییەیان دەکاتە ئیرادەی خۆی و هەتا هەتایە دڵیان لە سەر خراپە خەتم دەکاو گوێیان پڕ دەکا لە قورقوشم و چاویان کوێر دەکات و بە گومرایی دەیانهێلێتەوە تا رۆژی دۆزەخ .

بۆیە ئەم ئایەتە  زۆر دووبارەبۆتەوە :

انَّا جَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَنْ يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا ﴿٥٧﴾

www.wtarikurd.info/